سوریا.. پارێزگای حەلەب ڕایگەیاند دەوامی سبەینێ چوارشەممە بەهۆی پێکدادانەکانەوە ڕادەگیرێت

پارێزگای حەلەبی سوریا، ڕایگەیاند کە دەوامی فەرمی بۆ سبەینێ چوارشەممە لە تەواوی قوتابخانە و زانکۆ حکومی و تایبەتەکان و فەرمانگە حکومییەکانی ناو شاری حەلەب ڕادەگیرێت.

پارێزگار عەزام غەریب لە ڕاگەیەندراوێکدا کە کەناڵی (حلب) لە تەلیگرام بڵاوی کردووەتەوە، ڕایگەیاند: ڕاگرتنی دەوام لەبەر ڕۆشنایی بارودۆخی ئێستا و بۆ ئامانجگرتنی چەندین نەخۆشخانە و دامەزراوە دێت بەهۆی بۆردومانی هەڕەمەکی تۆپخانەکانی ڕێکخراوی هەسەدە .

غەریب وتیشی: بڕیارەکە هەڵوەشاندنەوەی هەموو چالاکییە بەکۆمەڵە و کۆمەڵایەتییەکان لەم ماوەیەدا دەگرێتەوە لە پێناو پاراستنی سەلامەتی هەمووان، تەنها کارمەندانی تەندروستی و خزمەتگوزاری و فریاکەوتن دەوام دەکەن و جەختی لە پێویستی بوونیان کردەوە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاوڵاتیان.

پارێزگار ئاماژەی بەوە کرد کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەیدانی چاودێری دۆخەکە دەکەن و ڕێکاری پێویست دەگرنەبەر بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری شارەکە، داواشی لە دانیشتووان کرد پابەندی ڕێکارەکان بن و وریایی بنوێنن.

هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەم بڕیارە سەرەڕای تێگەیشتن لە قەبارەی ئەو کاریگەرییەی لەم

ق□ناغ□ی سا□ی خو□ندندا دروستی د□کات دراو□، ب□□ام س□لام□تی □□□□کانمان و کادرانی خو□ندن ل□ س□رووی

ه□موو شت□ک□و□ی□.